مانگـی گەلحـۆ

ئەمشەو لەو مانگە دەپاڕێمەوە ....

کە تەنیا و گێژ بە ئاسماندا دەگەڕێ

من لەو گێژ و تەنیاتر کەوتووم لە ناوجێ

تکای لێئەکەم ... دەستم بگرێ و بە نێو ئەستێرەکانا بمگێڕێ

بێ شك تا بەرەبەیان ئەگاتە ئەو سەربانەی ...

تۆ لێی خەوتووی ...

من دێم و وەك جاری جاران بەسەرتا ئەنووشتێمەوە

بە مانگی پەلەپەلکەر ئەڵێم تۆزێ کەرەم کا و ... بوەستێ

تا تەواوێ خۆی نەوی دەکات ...

دەی نەویتر ... تا لێوانم بە ئاستەم ئەگەنە گۆنات

ئاخ ... بەفری نووستوو دەنێو دڵی منداا ...

من دەمێکە تۆم نەدیوە لە شیرین خەودا بیت و ...

پڕ بە هەردوو چاوانم لێت رامێنم و ...

قەت تێر نەبم

من وەك دز دێم و ... دوو ئەستێرەش بە دیاری ...

لەسەر پێڵووە داخراوەکانت جێدێڵم

لە دەوری باڵات دەگەڕێم ..

واز ناهێنم تا نەزانم بوومەتە خەونێکی خۆش دەنێو چاوانت

مانگی گەلحۆ پەلەم لێدەکا و خەمی سەفەری خۆیەتی ...

بە دەوری زەویدا

کەچی من خەمی سەفەری خۆمە ...

دەنێو خەونێکی شیرینی تۆدا

ئا لەم دوورەوە گوێم لە ورتە ورتێکە ...

گوێم لە ناوی خۆمە کە وەك گوڵا لە زارت دەکەوێ

من گەرەکمە بێمە پاڵت و بنووم ...

سەفەرم دوور و ... گەلێ ماندووم

کەچی مانگی بێ مروەت پەلەم لێدەکا..

تۆ هەمیشە لە خەونەکانما تاقگەیەکی سەوزیت و دادەڕژێی ...

کەچی قەت نەبووە بەردی سووتاوی دڵم تەڕ بکەی

من لە خەونەکانی تۆدا ئەو سوارچاکەم ... هەر کە ئەگەمە لات

هەر چوار پەلی ئەسپەکەم دەشکێن و بۆم ناکرێ بتفڕێنم

من خۆم دەربەدەرکرد ...

گوایە ئاسمانی ئەم دەڤەرە ...

بە رۆژ دوو خۆر و بە شەویش سێ مانگی ... تێدا دەدرەوشێتەوە

بە هەویا بووم کە دێمەوە خۆر و مانگێکت بۆ بدزم و بیانهێنمەوە

کەچی ئەوەتا ... ئەم تەنیا مانگە گێژ و حۆلەش

دەرهەق بە من چەند سپڵەیە

لێنەگەڕا تاوێ راتموسم ...

داخم ناچێ لێ نەگەڕا ...